# بۆ پێشەوە بەرەو کۆنفرانسی یەکەمی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق!

ئەمڕۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، ساتەوەختێکی خەباتکارانەی شکۆمەندانەو جەسورانە تێدەپەڕێنێ. لەژێر سایەی جەهەنەمی سیناریۆی ڕەشدا، حیزب، بە شێوەیەکی لێبڕاوانەو پەیگیر، ئالآی کۆتایی هێنانی ئەم سیناریۆیەو گێڕانەوەی مەدەنیەتی بۆ کۆمەڵگا بەرزکردۆتەوە. ئالآی مەدەنیەت و رادیکالیزم و ئازادیخوازی بەرزکردۆتەوە. ئەم حیزبە لەژێر سایەی هەلومەرجێکی یەجگار ئالۆزو خەتەرناك و پڕدەردەسەردا لە خەباتێکی ڕۆژانەی بەردەوامدایە بۆ گێڕانەوەی ئیرادە بۆ ئینسان لە کۆمەڵگادا. ئەم حیزبە چرای ئومێدی جەماوەرو پەناگەیەتی بۆ رزگاربوون.

ڕێکسختنەکانی دەرەوەی ئەم حیزبە بەشێکی زیندوو و پڕبایەخی ئەم حیزبەیە. زیاتر لە 12 ساڵە لە خەباتێکی بەردەوام و بێ پشوودایە دژی هێزەکانی سەرکوت، شەڕ، تیرۆرو زەوتکەری مافە سەرەتاییەکانی ئینسان لە لەهەموو گۆشەیەکی کۆمەڵگادا. لەماوەی زیاتر لە 12 ساڵدا، دژی کاروکردەوەکانی رژێمی نەتەوەپەرستی بەعس، دژی تاوانی گەمارۆی ئابووری، دژی بەرپاکردنی شەڕو داگیرکاری، دژی کردەوە کۆنەپەرستانەو زاڵمانەکان و دژی شەڕی حیزبە ناسیۆنالیستە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستان وەستاوەتەوە. بەرگری لە ئازادیە سیاسیەکان و مافە مەدەنیەکان کردوە. پەیگیرانە بەرگری لە مەسەلەی ژنان و یەکسانی تەواویان لەگەڵ پیاواندا کردوە. بەرووی هەڵسوکەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و دەست درێژیەکانی بۆسەر مافەکانی جەماوەر لە عێراق و کوردستان ڕاپەڕیوەو کەمپینی فراوانی لە دەرەوەی وولآت بەڕێخستووە. بەرگری لە مافەکانی ژنان، کرێکاران، بێکاران و لاوان و خەباتیان بۆ ژیانێکی باشتر کردوە. ڕێکخستنەکانی دەرەوە ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی کاریگەری هەبووە لە پشتیگری و بەرەو پێشبردنی چالاکیەکانی بەرەی ناوخۆی وولآت و هاوکاریکردنی بۆسەرخستنی لە هەمو لایەنەکانی سیاسی و مادی و مەعنەویدا. بگرە لایەنێکی بنەڕەتی ئەم بەرەیە بووە.

مێژووی خەباتی ڕێکخستنەکانی دەرەوە بەشێکی زیندووی جیانەکراوەیە لە مێژووی خەباتی پرشنگدارو پڕشانازیی حیزبمان. یادەوەریەکانی ئەم خەباتە بە ووشەی پرشنگدارو شایستە تۆمار کراوە. ئەمانە مایەی شانازی بەشەریەتی ئومێدەوارە بە دنیایەکی باشتر. جێگای شانازی هەموو ئینسانێکە کە بۆ جیهانێکی شایستەی ئینسان، وەکو بەنرختین سەرمایە، تێکۆشابێت.

بەمەبەستی گەیاندنی مەسەلەکانی حیزب، مەسەلەی دەربازکردنی کۆمەڵگا و رزگاریی یەکجاری لە هەمو شێوەکانی زوڵم و چەوسانەوە: لە داگیرکاری و تیرۆری ئیسلامی سیاسی، لە حکومەت و دەستورێك کە ڕۆژانە جەماوەر کەنار دەخات، لە دەستدرێژیە ڕۆژانەکانی بۆسەر حورمەت و

کەرامەتی ئینسان‌و بۆسەر مەدەنیەت‌و ئایندەی، بۆ ئەم مەبەستانە، ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حیزب لە ناوەڕاستی مانگی کانونی دووەم(جەنیوەری)ی ساڵی 2006، لە وولاتی سوید، هەڵدەستێ بە سازدانی کۆنفرانسی یەکەمی خۆی.

ئێستا عێراق بووەتە ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە جیهانیەکان. بوەتە مەیدانی شەڕو بەرەی کێشمەکێشی هێزە بنەڕەتیەکانی جیهان. بوەتە ناوەندێك کە سەرنجی دنیای بۆخۆی ڕاکێشاوە. ئەم مەسەلەیە بایەخی ڕێکخستنەکانی دەرەوەو جێگاورێگا سیاسیەکەی لەناو حیزبدا دەباتەسەر، هەروەکو چۆن ئەرکو وەزیفەی تایبەتیش لەم قۆناغەدا دەخاتە سەرشانی. ئەم کۆنفرانسە کارێکی پێویستە بۆ بردنەسەری ئامادەییەکانی حیزب‌و ڕێکخستنەکانی بۆ وەڵامدانەوە بەم ئەرکانە.

ئەم کۆنفرانسە هەنگاوێکی پێویست‌و گرنگە بۆ وەستان لەسەر مەسەلەی جێگاورێگای حیزب لەم بارودۆخە ئاڵۆزو گرانەداو هەروەها ڕێگاچارەی دەربازکردنی کۆمەڵگا لەژێر ئەم باری کارەسات‌و نەهامەتیەدا. ئەم کۆنفراسنە ساتەوەختێکی مێژوویی گرنگە بۆ خۆ توندکردنەوە لەپێناو وەڵامدانەوە بەم ئەرکە مێژووییەی کە کەتۆتە سەرشانی کۆمۆنیزم‌و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بەشێوەی ئامرازێکی پێویست بۆ ڕزگاری. کۆنفرانسی یەکەم هەنگاوێکی گرنگە بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی فەرماندەیی جەنگ لە بەرەی دەرەوەی وولاتدا. کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخستنی دەرەوە، هەیئەتێکی جەنگە( کە لەدەرەوەی ئیرادەی ئێمەدا بەرپاکراوەو بەسەر جەماوەردا سەپێنراوە) وەڵام بە پێداویستیە مێژووییە گرنگ‌و زەروریەکانی ئێستای کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی دەداتەوە لە عێراقدا.

**بۆپێشەوە بەرەو کۆنفرانسی یەکەمی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق!**

**بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق!**

**بژی ئازادی‌و یەکسانی!**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**کۆمیتەی ڕێکخستنی دەرەوە 24-10-2005**